# قوربانییەکانی من لە هەڵەبجەدا، موڵکی گشت نییە.

بەکر ئەحمەد

بەرانبەر "گەڕاوەکەی خۆرماڵ"، کانەبەردێکی کۆنی لێیە. پاش بۆمبارانی خۆرماڵ و چۆڵکردنی، ماڵی خاڵم پاش ئاوارەییەکی زۆر لە شێرەمەڕ و سیروان و زەمەقی، دەگەڕێنەوە بۆ خۆرماڵی ڕۆژانە بۆمباران لەسەر. کاتێك بۆمبارانی کیمیاوی هەڵەبجە و سیروان و خۆرماڵ و هەموو ئەو ناوچانەی دەورووبەر دەستی پێکرد، نەنکم لە یەکێك لە ژوورەکانی ماڵی ناو کانەبەردەکەی خورماڵدا گیانی لە دەستدا.

خاڵە محەممەدم، لە بەینی پردەکەی بەینی مزگەوتی خورماڵ و گەڕاوەکەدا، لە نیوەی ڕێدا بەلادا دێ.

لەسەر پردەکەی زەڵم، لەگەڵ بۆمبارانی خەستی تۆپخانەی ئێران و کیمیاوی بەعسدا، شەرافەتی کچی پوورم و چوار منداڵ و مێردەکەی کە بە نیازی دەرچوون بوون لەو ناوچەیە، دوا هەناسەی خۆیان هەڵدەمژن. بەڵام هەناسەیەك نادەنەوە.

لە سیرواندا تۆفیقی کوڕی پوورم بە خۆیی ماڵ و منداڵەوە، پەیوەستدەبن بە لەشکری ئەوانەوەی کە ئەو ڕۆژە چاویان لێك نا. چەند ئاشنای تری گەڕەکی کانی ئاشقان بنووسم؟

لە ٣\١٦ وە هەڵەبجەو قوربانییەکانی ئەو ناشار و شارۆچکانەی تری شارەزوور، کراونەتە موڵکی نەتەوە. هیچ کەسێك لە ئێمە، کەسووکاری ئەم قوربانیانە هەستی نەکردووە لەم کۆستەدا تەنیا بوو بین. ئەم پرۆژەی بە یەککردنی قوربانیەکانی هەڵەبجە وەك کارەساتێك کە دووچاری میللەتێکی ژێر دەستە بوو، کارێکی وایکردووە کە دەمووچاوی یەك بەیەکی قوربانیەکانی کارەساتی هەڵەبجە لەیەك بچن. عومەری خاوەر بە کۆرپەکەی باوەشیەوە، خاوەنی دەموچاوی باوکێك نییە کە ناوی عومەری خاوەرە، بەڵکو عومەری خاوەر ناوێکە بۆ کورد.

پرۆسەی ونبوونی سیمای تاکانەی دەمووچاوی نەنك، خاڵ، کوڕی پوور و نەوەکانیان، لە ٣\١٦، لەلایەکەوە وایکردووە کە هەستی تەنیابوون و تەنیاکەوتنەوە لای کەسووکاری قوربانیەکان ونبێت، لەلایەکی تریشەوە وایکردووە کە هەڵەبجە و قوربانیەکانی کراوەتە گووتارێك کە یەکدەنگی بە دەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی ببەخشێت. ئەم یەکدەنگییە لە کەرنەڤاڵەکانی دووبارە خستنەوە سەر شانی تابووتەکانی هەڵەبجەدا لە شەقام و گۆڕەپانەکانی ئەورووپا و کوردستاندا دەبینرێت. وردبوونەوە لەم یەکدەنگییەی ئینسانی کورد، بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە وەك ئینسانی کورد خاوەنی یەك خیتابی سیاسی و یەك جۆر بیرکردنەوەیەن بۆ دووبارە ڕوونەدانەوەی هەڵەبجە. بەڵکو دروستکردنی یەکدەنگی بە مەبەستی ئەو هێزەی کە هەڵەبجە بۆی، ئەو بڵندگۆییە کە هەمیشە بانگماندەکاتەوە ژێر ڕکێفی دەسەلاتە سیاسییەکەی خۆی.

ئیتر گرنگ نییە کە تۆ لەگەڵ سیاسەتی هێزە سیاسییەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیەدا تەبایت یاخود نا، بەڵکو هەڵەبجە ئەو دەستە نەبینراو و شاراوەیە کە هەمیشە ئێمە کێشدەکاتەوە بۆ ژێر ڕکێفی دەسەڵاتە حزبیەکەی ئەم هێزانە.

بە کورتییەکەی بۆ کەس و کاری قوربانییەکانی هەڵەبجە، ئەم دەستە نەبینراوە باشتر دەردەکەوێت لە کەسێکی تر کە تەنها دەمووچاوێکی لەیەکچووی هەڵەبجەی بینیوە.

هەڵەبجە وەك گووتارێکی سیاسی.

لە دوای ڕاپەڕینەوە هەڵەبجە لە دوو شوێنی تایبەتیدا گەورەترین سەرنجدانی سیاسیانە بە خۆیەوە دەبینێت. ئەویش گووتاری هەڵەبجەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا و لە پرۆسەی جەنگێکدا کە ئەمریکا خۆی بۆ ئامادەدەکات لەبەرانبەر ڕژێمی عێراقدا. تەنها لەم دوو زەمەنەدایە کە هەڵەبجە گەورەترین ئامادەیی لە ناو گووتاری سیاسی کوردییدا پەیدادەکات. ئەمە بە مانای کەرنەڤاڵی ساڵانەی ناو قاعەکانی شارەکانی هەولێر و

سلێمانی و تەنانەت خۆپیشاندانەکانی ئەوروپا نییە. چوونکە ئەم ئامادەییەی دواییان، لە باشترین حاڵەتدا، هەڵەبجەی لە کەرنەڤاڵێکی مەرگپەرەستییانەی گەورەوە ئاڵاندووە و ئامادە نییە لە فرمێسك هەڵڕشتن بەولاوە، شتێکی تر ئەنجامبدات.

واتا هەڵەبجە لە ئاهەنگێڕانی شیعر خوێندنەوەی ناو هۆڵەکاندا، جگە لە گۆڕینی هەڵەبجە بە ترادیسیۆنێکی فرمێسك هەڵڕشتن بەولاوە، هیچ شتێکی ترمان پێ ناڵێت. ئێمە لە هەڵەبجەی شاعیران و رووناکبیران و حزبە سیاسییەکاندا، خۆمان لەبەرانبەر ترادیسیۆنێکی فرمێسهەڵڕشتندا دەبینین، کە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ترادیسیۆنی مەراسیمی شەهیدە گەورەکانی حزبدا نییە.

بەڵام ئەوەی گرنگییەکی گەورە بە هەڵەبجە دەدات، بەبڕوای من، گووتاری سیاسی هەڵەبجەیە، نەك هەڵەبجەی ترادیسیۆنی مەرگپەرەستی.

جگە لەو دووبڕگە زەمەنییەی کە هەڵەبجە گووتارێکی سیاسییە، ئێمە لەبەرانبەر ڕیتواڵێکی مەرگپەرەستیداین و هیچی تر. پاش هاتنەدەرەوە لە ناو قاعەکان، پاش گەڕانەوە لە خۆپیشاندانە ترادیسیۆناڵیەکانی ئەوروپا، ئیتر کەسمان کارێکمان بە هەڵەبجەییەکانەوە نییە.

هەڵەبجەییەکان تەنها خەڵکی شاری هەڵەبجە نین و چوارچێوەیەکی گەورەی جوگرافی لە خۆ دەگرن. بەڵام ئەوان لەگەڵ سەخترین ناهەموارییەکانی ژیاندا ڕۆژگار دەبەنە سەر. نەوەی هەڵەبجەییەکان، لە دوای ڕاپەڕینەوە وە بەهۆی دابەشکردنەوەی ڕووبەرەکانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، دەخرێنە بەردەستی ئیسلامی سیاسی، هاوکاتیش لە هەڵەبجەی واقیعی و ناو ژیاندا، جێگایەك لە گووتاری حزبی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پێکناهێنێن، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە هەموان دەیزانین و شتێك نییە کە من پەیپێبردبێت.

بە کورتییەکەی دەتوانم بڵێم کە ئێمە لە دوای کارەساتی هەڵەبجەوە خاوەنی دوو هەڵەبجەین. هەڵەبجەیەك لە فەنتازیاماندا وەك کوردێك وێنامانکردووە بە هەموو سیمپاتی و هاودەردییەکەوە کە هەموان نیشانیدەدەین بەرانبەری. هەڵەبجەیەکیش لە واقیعدا کە تەواو پێچەوانەی هەڵەبجەی خەیاڵە. ئێمە لە کەرنەڤاڵەکانی هەڵەبجەی خەیاڵدا، لە ڕۆژی ئەودا، تەرمەکانی هەڵەبجە هەڵدەگرین و ماڵ بە ماڵ و کوڵان بە کوڵان دەیگێڕین. بەڵام کاتێك لە کۆڕی ئەم ماتەمینییە دێینەدەر، هەڵەبجەی واقیعی بە تەنها بۆ ناو سەختییەکانی ژیان بە جێدێڵین.

هەڵەبجە ناو فەنتازیای کوردیمان، ئەو هەڵەبجەیەیە کە دەمووچاوی هەموو قوربانییەکانی لەیەکدەچن. هەڵەبجەی واقعیش بریتییە لە هەڵەبجەی ئەو کەسانەی کە تیایدا لەگەڵ لەیەکچوونی دەمووچاوی هەڵەبجەیەکانی وەك خۆیدا، هەڵەبجەی ئەو دەمووچاوانەن کە لەگەڵ قوربانییەکاندا پەیوەندییەکی تاکانەیان هەیە و دەنگ و ڕەنگی دەمووچاوەکان دەناسنەوە.

بەڵام وەك چۆن لەسەرەوە ئاماژەمپێکرد، گرنگترین شتێك لە هەڵەبجەدا، گووتاری سیاسی ئەوە. گووتارێك کە دەبوایە بۆ سنوورجیاکردنەوەی دووبارە ڕوونەدانەوەی هەڵەبجە ئامادەیی هەبووایە.

بەڵام ئەم گووتارە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، دەبێتە گووتاری ئەو هێزانەی کە کە لە ڕێگەی نیشاندانی لیستی درێژی قووربانیەکانیانەوە، بڕیارە لیستێکی درێژ لە دەنگی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕاکێشێت .

لەمڕۆشدا هەڵەبجە ئەو گووتارە سیاسییەیە کە بانگەوازماندەکات تا بە جەنگی عێراق و ئەمریکاوە پەیوەست بین. جا ئامادەیی خولقاندنی هەڵەبجەیەکی تر لە جەنگی داماڵینی چەکەکۆکوژییەکانی بکوژانی هەڵەبجەدا چەند گەورەیە، پرسیارێك نییە لەم گووتارە سیاسییەدا جێی بێتەوە. چۆن پێشتریش شاری هەڵەبجەی بەر کیمیاوی، بڕیار بوو ببێتە ڕێگای پەڕینەوە بەرەو ئازادکردنی شارەکانی دیکە. ئەمڕۆش هەر ئاوا هەڵەبجەی ناو گووتاری سیاسی دەسەڵاتی

کوردی، بۆ ڕزگارکردنی کورد لە دەست مێژووی هەڵەبجە بانگەوازماندەکات بە جەنگەوە پەیوەست بین. ئەوەیشی لەم بانگەوازەدا دەنگ هەڵدەبڕێت، هەڵەبجەی واقیعی ناو ژیانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو هەر هەمان هەڵەبجەی ناو فەنتازیایە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە ناوی ئەوەوە بانگەوازماندەکات. ئیتر لە هەڵەبجەی فەنتازیادا، بەبێ هیچ پرسیارکردنێك لە. ئایندە، بەبێ بوونی هیچ گومانێك لە سبەینێ، یەك دەنگ دەزرنگێتەوە کە بە حەقیقەتێکی ڕەها گەیێنراوە.

بەڵام ئەوەی کە لە هەڵەبجەی واقیعیدا ئینسانەکان دابەشبوون بەسەر دەیەها جۆری هەڵوێستوەرگرتن و دڵەڕاوکێی سیاسیدا، جێگایەکی ئەوتۆ لە هەڵەبجەی ویناکراوی ناو فەنتازیادا داگیر ناکات. چونکە ئەوەی بڕیاری داوە هەڵەبجەی ناو فەنتازیایە کە تەنها خاوەنی یەکدەنگ و یەك دەمووچاوە. ئەوەیشی بۆ من جێگای تێڕامان و ووردبوونەوەیە ئەوەیە کە هەڵەبجەی فەنتازیا کراوەتە پرۆژەیەکی سیاسی. واتا ئەگەر هۆکاری بناغەیی بۆ قبووڵکردنی یەك دەمووچاوبوونی قوربانییەکانی هەڵەبجە بۆ دووبارە ڕوونەدانەوەی هەڵەبجەیە، ئەوا کاتێك ئەم پرۆژەیە دەبێتەهۆکاری بەرهەمهێنانەوەی هەڵەبجە لە ئاستێکی فراوانتردا، ئیتر هەڵەبجەی فەنتازیا دەبێ لە دەموچاوە یەکڕووخسارییەکەی پاکبکرێتەوە و دەموچاو و دەنگ و ڕەنگی تاکگەراییانە بە قوربانییەکانی هەڵەبجە بدرێتەوە. بە کورتییەکەی، ئەگەر لە هەڵەبجەی ناو واقیعدا ئینسانەکانی هەڵەبجە بەجێهێڵراون تا لەگەڵ پرسیارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا وەك تاك چالاکی بنوێنن و مەرگی کۆرپە زیندووەکانی ئەوان وەك مەرگی تاکەکانی کۆمەڵگا چاوی لێبکرێت، گومان و پرسیارەکانیان لە نەبوونی، لە خودا، گومان و پرسیاری تاکەکانی هەڵەبجە خۆی بێت، ئەی بۆچی لە هەڵەبجەی ناو فەنتازیادا جێگایەك بۆ تێڕامان و پرسیار و هەڵوێستوەرگرتنی تاکگەراییانە ئەوان نامێنێتەوە؟ بۆچی دەنگی هەڵەبجەی ناو فەنتازیای پرۆژەی سیاسی دەسەڵاتی کوردی، تەنها یەکدەنگە و جێگای هەمە ڕەنگی دەنگ و هەڵوێسوەرگرتنی تیا نابێتەوە؟

**پەیوەندی نێوان هەڵەبجەی واقیع و هەڵەبجەی فەنتازیا**

من لەمڕۆوە خوازیاری دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندیەکی ئۆرگانیکم لە نێوان هەڵەبجەیی ناو فەنتازیای کوردی و هەڵەبجەی ناو واقیعدا. پەیوەندییەك کە هیچ دابڕانێك لە نێوان هەڵەبجەی فەنتازیا و واقیعدا نەمێنێت و ئەو پرۆسەی لەخۆنامۆبونەی کە هەڵەبجە لە ١٦\٣وە دووچاری بووە کۆتایی پێبێت.

بە کوورتییەکەی، ئەگەر هەڵەبجەی واقیع ئەو بەشە زیندووەی هەڵەبجەیە کە گازی کیمیاوی نەیکوشت و جیاوازە لەو هەڵەبجە خنکێنراوەی ناو فەنتازیای کوردی کە زیاتر وەك پرۆژەیەکی سیاسی زیندوو ڕاگیراوە، ئەوا دانەوەی دەنگ بە هەڵەبجەییە زیندووەکان بە مەبەستی دروستکردنی دیالۆگێك لەگەڵ هەڵەبجەی تاکە یەکدەنگی پرۆژەی سیاسیدا، دەکرێ کۆمەڵێك درز بخاتە ناو ئەم پرۆژە سیاسییەوە کە هەڵەبجە زمانیەتی.

بۆیەش من لەمڕۆوە، وەك کەس و کاری زیاتر لە هەژدە ئازیزی تراژیدیای هەڵەبجە، قەبری نەنك و خاڵ و کوڕ و کچەکانی پوورم لەم گۆڕستانە جەماعیییەی ناو هەڵەبجەی فەنتازیا دەهێنمە دەر و دووبارە ڕووخساری زیندووی خۆیان لەمەرگیاندا، پێدەبەخشمەوە.

دەنگی نەنکێك کاتێك کە ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا دەسەڵاتی گرتە دەست، لەسەر بەرماڵەکەی دەیگووت:" ڕۆڵە خوای ئێستاکەی دەسەڵاتبەدەستەوەگرتوو لە ئێراندا، لە خوای سەر بەرماڵەکەی من ناچێت"

خاڵێك کە قەت نەیدەزانی شیوعی بوون یانی چی، کەچی تا ئەو ڕۆژەی مرد، بە حەمە شیوعی ناویدەبرا. ئاخر ئەو لە شەڕی ئاغا و جووتیارەکانی خورماڵدا، لە تەنیشتی جووتیارەکانەوە ڕادەوەستا.

**کاتێك یەك بەیەکی قوربانییەکانی هەڵەبجە خاوەنی دەنگ و ڕەنگ و هەڵوێسوەرگرتنی جیاوازانەی خۆیانن، چی وا دەکات لە مەرگیاندا و لە هەڵەبجەی ناو فەنتازیای دەسەڵاتی کوردیدا هەر هەموو هەڵەبجەییەکان بەیەك زمان دەپەیڤن و بانگەوازماندەکەن بۆ شەڕ؟**

**تۆ بڵێی بەغیلییان بەو وەزعە بێت کە ئێمە لە دوای ئەوانەو نەمردین و بانگمانکەن تا هەمان چارەنوس بە نسیبی ئێمەش بێت؟**

**من لەمرۆوە، پەیوەندییەکی چالاکانەی ئاخاوتنی زیندوو لە نێوان هەڵەبجەی ناو فەنتازیا و هەڵەبجەی ناو واقیعدا دروستدەکەم. هێندە ڕێدەدەم هەڵەبجەی ناو فەنتازیای کوردی وەك پرۆژەیەکی نەتەوەیی کاری بۆ بکرێت کە مەبەستی سەرەکییەکەی کۆتایی هێنان بە پیشەسازی هەڵەبجە سازکردن بێت. هەر لەم پەیوەندەیشدایە کە ڕێدەدەم ڕووخسارە تاکگەراییەکانی خزمەکانم لە ناو یەك دەمووچاوی گەورەدا جیێیانبێتەوە.**

**ئەگینا، قوربانییەکانی من لە هەڵەبجەدا، خاوەنی دەمووچاوی تاکگەراییانەی خۆیانن و وەك هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵ کە ئەگەر زیندوو بوونایە، وەك نەنکم و خاڵم خاوەنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز دەبوون.**

**چۆن خوای دەسەڵاتبەدەستەوەگرتوو لە ئێراندا گوومانێك لای نەنکم دروستدەکات و بە خوای سەر بەر ماڵەکەی خۆی ناچوێنێت، هەر واش نەنگی ناو هەڵەبجەی فەنتازیای کوردی نابێت هەر بانگەوازمکات بۆ شەر و جێگایەك بۆ گوومان و پرسیار و هەڵوێستوەرگرتنێکی دیکەم لا نەهێڵێتەوە؟**

**من تا هێندەی نەنکی ناو هەڵەبجەی فەنتازیا خاوەنی زمانێکی میلیتاریستانەی بێ پرسیار و بێ گوومانە و بە زمانی کەسێکی دی دەدوێ کە زمانی ئەو نییە، ئەو نەنکە دێنمەوە دەر و بۆ ئەوەی وێنەکەیم لەلا نەشێوێت، دەیکەمەوە بە نەنکی خۆم و ئەو مافە بەکەس نادەم بە زمانی نەنکمەوە بانگەوازی پیشەسازی هەڵەبجەسازیم بۆ بکات. هێندەیش نەنکی ناو فەنتازیای کوردیم خاوەن گووتاری کۆتای هێنان بە پیشەسازی هەڵەبجەسازییە، خاوەنی دەمووچاوی نەنکانەی من نییە و موڵکی گشتە. بەڵام بەوەی تا ساتە وەختەکانی ئێستامان، نە نەنکم و نەخاڵم و نەیەك بەیەکی ئازیزانی من لە کارەساتی هەڵەبجەدا، بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرین کە قڵشتەکانی نێوان هەڵەبجەی واقیع و هەڵەبجەی فەنتازیا گەورەتر بکرێت، پرۆسەی لەخۆنامۆبوونی هەڵەبجە درێژە بە ژیانی خۆی بات، من ناچارم، تەرمی قوربانییەکانی ئازیزانی خۆم لە هەڵەبجەی فەنتازیادا بێنمەدەر و بیانکەمەوە بە تەنها کەسی خۆم. ئەو کەسانەی لەناو هەڵەبجەی واقیعدا دەژین و وەك تاك، خاوەنی دەنگ و ڕەنگ و هەڵوێستی جیاوازی خۆیانن، تەنانەت لە مەرگیشیاندا.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣